تریبونی پێشنیاری یەکیەتی سۆسیالیستی لەگەڵ کرێکارانی ئێران

# یەکگرتویی لە گەڵ گەلێک کە دژی شەڕ، ئیستعمار و دیکتاتۆریەت بەر بەرەکانێ دەکات!
# نا بۆ شەڕی ئیسرائیل و ئەمریکا لە دژی گەلانی ناوچە!

شەڕێ کە لە ١٢ ژۆئن ٢٠٢٥ لە لایەن رژیمی ئیستێعمارگەر و جەنایەتکار ئیسرائیل دژی کۆماری ئیسلامی ایران دەستێ پێکرا و ترامپیشی لەگەڵ کەوت، خاڵێکی دیاری وبەرچاوە بۆ نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

بە بۆمبارانی بنکەکانی وزەی ناوەکی ئێران، دۆناڵد ترامپ دەیەویست:

– کاریگەری روخێنەری چەک وتەقەمەنیە مۆدێرنەکانی تاقی کاتەوە، و خۆ هەڵکێشانێکیش بکا لە عاستی دەوڵەتە ئەمپریالیستەکانی دی.
– ئاگر بەسێکی بەسەر ئیسرائیل دا داسەپاند کە بۆکەس دیار نیە تاکو کەی درێژەی هەبێ.

ئاگر بەسەکە لە ڕۆژی ٢٤ ژوئن دەستیپێکردوە بەڵام ئەوەی کە لە ناوچەکە پەرەی سەندوە بەغەیر ئاڵۆزی چی تر نیە.

ئەم شەڕە نامەشرۆع و دژە یاسای مافەکانی نیو نەتەوییە، ئاکامی ڕاستەو خۆی مەسونیەت (پارێزراو لە سزا) نەتان یاهوە، هەر ئەم پارێزراوی لە سزایە کە سەرەڕای حۆکمی دەسبەسەرکردنی لەلایەن دادگای نیو نەتەوییەوە، بە قەڵاچۆ کردنی مەردم لە غەزە درێژە دەدا. هەر لە ژێر چەتری ئەم پارێزراویەیەکە دەوڵەتی ئیسرائیل بە بیانوی << مافی بەرگری لە خۆ>> بەشهائێک لە خاکی سوریە و لۆبنان داگیر ئەکات. دەوڵەت ئیسرائیل بۆ گەیشتن بە قەڵاچۆی تەوای فەلەستینیەکان پەرە بەم سیاسەتە بن بڕ کردنە دەدات.

بەر بەرەکانێ لەشکری لەنیوان هێزێکی تێرو تەسەل چەکدار کراو لە لایەن ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی ئێران، دەوڵەتێک دیکتاتۆر کە پتر لە ٤٦ ساڵە بە شێوەی سەرکوت و تێرۆر بەژیانی خۆی درێژە دەدات، کارەساتێکە بۆ خەڵک.

ئیسرائیل لە سێبەری هێزی سیاسی و نیزامی ڕۆژاوا دا، لە مەڕ لەناو بردنی ئێران، دەست بەسەر دا گرتنی هاوساکانی بۆ ڕاگرتنی هێزی تاقانەی وزەی ناوەکی خۆی سەرکردایەتی خۆی لە ناچەکەدا بسەلمێنێ. ئیسرائیل هێزێکی ئیستعمارگەر و ڕۆژئاوایە کە لە کەنارئاوەکانی باشوری مەدیتەرانە تا تەنگە بەری هۆرمۆز سەیتەرەی بەسەر تەواوی ولات و نەتەوەکاندا داسەپاندوە. هیچ دیاردەیێکیش نابیندرێ کە ئەم رژێمە لە سیاسەتەکانی پاشگەز بێت، هۆیەکەشی دیارە پرۆژەی ستراتژی زلهێزەکانە کە لە مێژە ریشەیان داکۆتاوە، هەر لە ئێستادا ترامپ دیسانەوە وتاری هەڕەشەی دژ بە ئێران پرە پێداوە.

## نتان یاهو و سیاست کۆشەندەی هەڵاتن بۆ پێشەوە

نتان یاهو لە هەڵاتن بۆ پێشەوەی شەر خوازانە کەیدا ئێستا ئێرانی ڕاستەوخۆ نیشانە گرتوە و وا دەنوێنێ کە گوایا خۆ لە بەرانبەر هەڕەشەی وزەیی دەپارێزێ هەڕەشەیێکی نادیار و وەهمی. لە حاڵێکدا ئیسرائیل بۆ خۆی لە گرێبەستی دژ بە پەرەپێدان بە چەکە ناوەکیەکان بەشدار نیە و لە مەڕ ئەنباری بۆمبە ناوەکیەکیانی دا خۆی وەڵام دەرەوی کەس نازانێ.

نتان یاهو لە حاڵێکدا بەرەی تازەی شەڕی کردوەتەوە کە دەولەتەکەی ڕۆژ لە سەر ڕۆژ لە ناوەوەی وڵاتەکەیدا تووشی بێ ئیعتباری و نارەزامەندیە. ئەو ئەم شەڕەی کاتێک بەرپا کرد کە بزوتنەوی جیهانی تورەیی لە قەڵاچۆ کردن لە عەزە لە پەرە سەندن دایە لەولاوە شێوەهای خەبات تێکۆشەران و خەباتکاران بۆ تێکشکاندنی گەمارۆی داسەپێنداراو بەسەر غەزە لەم دواییانە لە گەشە کردن دا بوو.

بەم پەلامار بۆ سەر ئیرانە نتانیاهو حەولی ئەویدا کە جەنایەت و قەڵاچۆ کردن لە غەزە داپۆشێ ، هەر وەها توانی ورتە و بۆڵەی ورەخنەی برێک لە دەوڵەتە ڕۆژاواییەکان لەمەڕ غەزە دەستی پێکردبوو خامۆش بکات.

دەرەنجام ئەم هێرشە لەشکریە بە پاڵپستی ترامپ ئەنجام درا، گوشار لەسەر ئێران بۆ تەسلیم و ئەگەری هەڵتەکاندنی رژیم لە کاردابێت. ئەم ئەگەرانە کە پارچە پارچە کردنی ئرانیشی لەگەڵ بە شێوەی گفتۆگۆ لە مەڕ دەسبەردار بوون لە پێتاندنی ئۆرانیوم چارە ناکرێت، سیاسەتی ئیسرائیل و ئەمریکا گوڕینی ڕۆخساری ناچەیە.

بە ڕونی دیارە هێزی پەلامار دەری ئیسرائیل بنکە وبارەگا لەشکریەکانی گرتە ئامانج ، بەڵام ئەم هێرانە بنەما دەوڵەتیەکان و ژێرخانە بنەڕەتیەکان و هەروەها حەشیمەتی خەڵکی ئاساییشی گرتەوە. بۆمبارانی دەزگا وزەناوەکیەکان ئێران لە لایەن ئیسرائیل

و ئەمریکا  بە ئاشکرا پێشێل کردنی مافی نیو دەوڵەتیە. ئەم هێرشانە خەتەری زیانی قەرەبوو نەبووی ژینگە  وژیانی مرۆڤ پێک دێنێ.

کاردانەوی لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، بە کار هێنانی هاژەکی بالستیک و درۆن بوو، بەڵام بەبێ پێکاندنی ئامانجی دیاری کراو.

دیقەتی ئۆپەراسیۆنەکانی ئیسرائیل لە مەڕ پوچەڵ کردنەوەی سەرکردەکانی سۆپای پاسداران  ئاشکرای کرد کە تا چ ڕادەیێک دزەی کردوەتە ناو دەزگای بەڕێو بەری ئێران. بە هۆێ  ئەم هاوکارانە نتان یاهو لە نیو دەزگای حکومەتی ئێراندا پشتی قورسە.

**ئەوە جەماوەری خەڵکی ئێرانن کە دەبێ چارە نووسی خۆیان دیاری بکەن.**

مێژو ەب رروونی دەری‌خستوە کە لە سێبەری شەڕ و تەداخۆلی ئەمپریالیستی هچ ڕێگایێک بەرەو دیموکراسی هەبوونی نیە.

لە عێراق تا ئەفغانیستان، نمونە  زۆرە  کە دەستێوەدانی لەشکەری بیانی ج کارە سا تهایێک سیاسی و دژە مرۆڤی لێ کەوتوەتەو.

لەم شەڕە لە بەرەی ئێران لانیکەم ١١٩٠کەس گیانیان لەدەس داوە(٤٣٥ لەشکەری،٤٣٦ خەلکی ئاسایی و ٣١٩ کەس نەناسراو) هەر وەها ٤٤٧٥ بریندار(٢٥٦ لەشکری ٢٠١٧ خەڵکی ئاسایی  ٢١٣٨کەس نەناسراو)

ئەم شەڕە هەروەها  کۆسپی خستوەتە  بەر ڕێگای خەباتی درێژ خایەن و بوێرانەی خەڵک لە دژی حکومەتی گۆپاڵ بەدەست. ئەو خەباتەی کە گەیشتە لوتکەی << ژن، ژیان، ئازادی>>.  لە چەند مانگ پێش هێرشەکەی ئیسرائیل، بزوتنەوەی جەماوەری لە ئیراندا ڕوو لە گەشە کردن بوو، بەڵام بە دەسپێکی ئەم شەڕە نتان یاهوو بە فەرمی کاتی بەری بەم پەرە سەندنە گرت و بەم کارەیە خزمەتێکی گەورەی بە حکومەتی ئێران کرد.

بۆمباران زیندان ئێڤین(اوین) –ئەو جیگایە کە ژمارەیێکی زۆر لە دژ بەرەکانی حکومەتی ئێران و هەروەها دوو کەس بە بارمتە گیراوی فەرانسەوی لەوێ ڕا گیراون-  لە لایەن ئیسرائیلەوە بە ڕونی دەری دەخا کە تا چ ڕادەیێک نتان یاهو  دژ بە خەڵک و  وخەباتی جەماوەری خەڵکە بۆ بە دەس هێنانی مافە ڕەواکانیان، لەم بۆمبارانە ٧١ کەس گیانیان لە دەس دا کە برێکیان لە بەندیەکان بوون.

لە ژێر ناوی << شکار سیخورەکان>> و بە بیانوی تەداخۆلی ئیسرائیل و ولایەتی یەک گرتوەکان، کۆماری ئیسلامی هێرشی بۆ سەر دژبەرەکانی فراوانتر کردوەتەوە بە تایبەت  دەس بە سەر کردن و لە سێدارەدان ڕێژەیێکی بەرچاوی گرتوەتە خۆی.

کۆماری ئیسلامی ئێران  دیکتا تۆرییێکە کە لەسەر شەپۆلی خوێنی دژبەرەکان،  بێ ماف ڕاگرتنی جەماوەر، دژایەتی بێ پسانەوی لە هەمبەری خەباتی ژنان و جەهێلان، سەرکوتی بێ بەزییانەی بزوتنە جەماوەریەکان و دژ بە ئاوات وئارەزوە نەتەوەیەکان ڕاوەستاوە.

ئێمە بێ ئەملا و ئەولا  شان بە شانی خەڵکانی ئیران ڕاوەستاوین، چ لە بەر خۆدان بێ وچانیان لە دژێ دیکتاتۆریەت  و چ بۆ ژیانێکی ڕەها لە دەسدرێژی بیانی.

هاو دەنگین لە گەڵ ئەوانەی کە دەیان ساڵە لە بۆ ئازادی، بەرابەری و دادوەی کۆمەڵایەتی خەبات دەکەن، ئێمە هەر چەشنە  گۆڕینی دەسەڵات <<لەسەرەوە>> یان بە پالپشتی بیانی ئیدانە دەکەین. ڕوخانی کۆماری ئیسلامی دەبێ بەرهەمی خەباتی جەماوەری ئێران بێ.

لە کاتێکدا ولایەتە یەک گرتوەکان(ئەمریکا) بە شێوەی لەشکری تەداخۆلی شەڕی لە گەڵ ئێران کردوە ، زیاتر لە هەموکاتەکانی تر پێویستە: لە دژی پەرە سەندنی ئاوری شەڕ وکارەساتی مروڤی و ژینگە دەنگمان پێکەوە هەڵبرین.

ئێمە خوازیاری ئەوە ین کە کۆمەڵگای جیهانی دەس بەجێ هێز وگوشاری خۆی  بەکار بێنێت  بەر پەرچ دانەوی ئەم گێژاوە نانەوە بێ بەرپرسانە.

دەوڵەتانی ئیسرائیل و ولایەتە یەک گرتوەکانی(ئەمریکا) لەبۆ تێکدانی مافی نیودەوڵەتی تەنیا نین، بە لام تەنیا دەوڵەتهایێکن کە بەرێژەیێکی وەها بەر فراوان توشی ئەم هەڵانە دەبن و توشی هیچ چەشنە سزایێک نابن. ئەم دوو ڕەنگیە شوورەییکی ئاشکرایە.

دەوڵەتهایێک کە ئیسرائیل پڕ چەک دەکەن و پاڵپشتی وەن لە سەروی ئەوانە ولایەتە یەک گرتوەکان و ولاتانی یەک گرتوی ئۆروپا لە وانە فرانسە، لە پەرە پێدان بۆ دەسدرێژی لە سەر خەڵکانی ئێران  و تەواوی ناوچەکە شەریکی جۆرمن  ئەوان هەمویان لەم قەڵاچۆ و قڕ کردنانە شەریکن.

ئێمە بە دەنگێکی ڕەها  ڕای دەگەینین  کە نتان یاهو و ترامپ  هەڕە شەیێکن لەسەر جیهان، دەبێ پێشیان پێ بگیردرێ.

**ئێمە خوازیاری جێبە جێ کردنی ئەم خاڵانەین:**

- ڕاگرتنی دەس بە جێ گرژی و پەرە پێدانی شەڕ لە ناچە!
- یەک گرتووی لە گەڵ زیندانیە سیاسیەکان و بەرگیکارانی مافی مرۆڤ لە ئێران!
- پاڵپشتی لە داو خوایە کۆمەڵایەتیە و دیموکراتیکەکان و هەروەها لە تۆڕە هەڵسوڕاوەکان ، کۆڕهایێک کە ئەم داوخوایایانەیان هەیە!
- بن بڕ کردنی سەرکوت و گوشاری کۆماری ئیسلامی ئێران!

**هەروەها کە لە چەند مانگی ڕابردو دا ڕامان گەیاندوە داواکاری ئەم خالانەس هەین:**

- کوتای هێنان بە گەمارۆی غەزە و کۆتای هێنان بە بنیات نانی شارۆچگە درۆست کردن لە ڕۆژهەڵاتی فەلەستین.
- دابین کردنی سزا لە سەر ئیسرائیل!
- ڕاگرتنی هەر جۆرە بازەرگانی چەک و تەقەمەنی لەگەڵ ئیسرائیل!
- کۆتای هێنان بە هاوکاری نیوان ئسرائیل و یەکیەتی ئۆروپا !
- ئامادەکاری و باگەواز جیهانی لەمەڕ ڕاگرتنی قەڵاچۆ، ئاپارتاید(ڕەگەز پەرەستی و هاڵاواردنی جەندەری و..) و بنیاتنانی شارچکە لە فەلەستین!

۳۰ ژوئەن ۲۰۲۵